پەنجەمۆر

**A**

حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق    بەناوی خودای گەورە    بابەت : مێژوو | کات : (3:00) کاتژمێر

وەزارەتی پەروەردە- لیژنەی باڵای تاقیکردنەوە گشتییەکان    وەڵامی نموونەیی

تاقیکردنەوە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی پۆلی (دوازدەهەمی وێژەیی) ساڵی خوێندنی 2024-2025 خولی دو

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە (بۆ هەر پرسیارێك دوو نمرە)

1. ڕەنگدانەوەی چاکسازی عوسمانی لەسەردەمی دەست بەکاربوونی والی مەدحەت پاشا زیاتر هەستی پێدەکرێت لە............ی کوردستان:

A- باشوور و خۆرهەڵات    B- باشوور و خۆرئاوا    C- باکوور و خۆرهەڵات    D- باکوور و خۆرئاوا

2. بە هۆی مەترسی بەرفراوانبوونی دەسەڵاتی سەفەوییەکان سوڵتان............... لەشکرێکی گەورەی بەرەو ئەنادۆڵ و کوردستان نارد:

A- مرادی چوارەم    B- محەمەد فاتیح    C- سەلیمی یەکەم    D- سەلیمی سێیەم

3. کام لەم دەسەواژانە ڕاستن:

A- ڕێکەوتننامەی ئەماسیە بۆ ماوەی هەشتا ساڵ جەنگ و کوشتاری نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی ڕاگرت.

B- لە ساڵی (1849ز) بە دواوە ناوچەی شارەزوور ڕاستەوخۆ بەستراییەوە بە ئەستەمبول.

C- ماددەی پێنجەمی ڕێکەوتنامەی ئەرزرۆمی دووەم کاروباری بازرگانی بەخۆوە گرتبوو.

D- لە ڕووی پەیوەندی ڕامیارییەوە هەرێمە ڕۆژئاواییەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بە ناو لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی دابوون.

4. لە سوریا چەند ڕا پەرینێك لە بەرامبەر کاربەدەستانی عوسمانی سەری هەڵدا وەك ڕا پەرینی ساڵی ............لە (جەبەل عەرەب):

A- 1886ز    B- 1899ز    C- 1798ز    D- 1851ز

5. دوای سەرکەوتنی عوسمانییەکان لە شەڕی چاڵدێران، شاری (ڕەقە) لە ساڵی (1515ز) لە سوریا بە فەرمانی سوڵتان سەلیم داگیرکرا لە لایەن:

A- داود پاشا    B- فەرهاد پاشا    C- عوسمان پاشا    D- مەدحەت پاشا

6. شا (تەهماسب) ناچار بوو پایتەختی سەفەوی لە..........بگوازێتەوە بۆ........... تا لە دەست هەڕەشەی عوسمانی ڕزگاری بێت:

A- تەورێز - قەزوین    B- قەزوین - تەورێز    C- تەورێز - ئەسفەهان    D- ئەسفەهان - تەورێز

7. پورتوگالییەکان توانیان بە ئاسانی بگەنە کەنداو و دوورگەو بەندەرە گرنگەکانی داگیر بکەن ئەویش بەهۆی:

A- هاوکاری نێوان پورتوگالییەکان و بوندوقیەکان.    B- داگیرکردنی (یەمەن و عەدەن) لە لایەن مەمالیکەکانەوە.

C- نزیك بوونەوە و ڕێکەوتنی پورتوگالییەکان لەگەڵ عوسمانییەکان.    D- دۆزینەوەی ڕێگای (رأس الرجاء الصالح).

8. لە سەردەمی .................. میرنشینی ئەردەڵان زۆر زیاتر فراوان بووە هەتا هەولێری گرتووتەوە:

A- بیگە بەگ    B- سورخاب بەگ    C- کلۆڵ بەگ    D- محەمەد بەگ

9. یەکەمین ڕێبەرە لە مێژووی نوێی کورد کە جڵەوی بزاڤی ڕزگاری خوازی گەلی کورد بگرێتە دەست، لە دوای دەسەڵات سەندنەوە لە میرەکانی کورد:

A- شێخ عبدولسەلامی بارزان    B- شێخ عوبەیدوڵلای نەهری    C- قازی محەمەد    D- مەلا سەلیمی بەدلیسی

10. دوای ئەوەی (بەدرخان پاشا) سەربەخۆیی کوردستانی ڕاگەیاند لە ساڵی (1842ز) توانی..................بکاتە بەشێکی دەوڵەتەکەی:

A- شنگال و سێرت    B- وێران شارو سوێرەك    C- دیاربەکرو شنۆو ئورمیە    D- هەموو وەڵامەکان ڕاستن

11. لە سەرەتای دامەزراندنی دەسەڵاتی زەندییەکان (ئەسەد خانی ئەفغانی) بناغەی حکومەتێکی تری لە.............ی ئێران دامەزراند:

A- ئازەربایجان    B- باکوور    C- مازەندەران    D- شیرازو ئەسفەهان

12. کەمالییەکان پەنایان بردە بەر حکومەتی ڕەزا شای پەهلەوی بۆ لە ناوبردنی:

A- شۆڕشی دەرسیم    B- ڕا پەرینی کۆچگیری    C- شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران    D- شۆڕشی ئاگری داغ

13. دامەزراندنی ئەنجومەنی وەزیران لە سەر شێوازی ئەورووپی یەکێك لە کارە چاکسازییەکانی سوڵتان...........بوو:

A- عەبدولمەجیدی یەکەم    B- عەبدولعەزیز    C- مەحمودی دووەم    D- سەلیمی سێیەم

14. کام لەم دەستەواژانە خوارەوە هەڵەیە :
A- هەڵگیرسانی شۆڕشی یەکەمی قاهیرە لە ئە نجامی تێکشانی فەرەنسییەکان بوو لە شەڕی ( ئەبی قیر ).
B- لە پەیمانی سان ستیڤانۆ و کۆنگرەی بەرلین ماددەی تایبەت بە مافی گەلی کورد دیاری نەکرابوو.
C- ( پارتی دیموکراتی کورد ) لە کۆنگرەی ( سێ ) کە لەشاری ( بەغدا ) بەسترا ناوی پارتەکە بووبە ( پارتی دیموکراتی کوردستان ).
D- هەڵگیرسانی شۆڕش و ڕا پەڕین لە بەشێکی زۆری هەرێمەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی،هۆکارێك بوو بۆ بڕیاردانی چاکسازی.

15. ( دادگا شەرعییەکان سنوورێك بۆ دەسەڵاتیان دانرا و تەنها ئەو کێشانەیان بۆ هێشتنەوە کە پەیوەندی بە کاروباری ئەوقاف و میرات و نەفەقەوە هەبوو ) بە پێی:
A- دەستوری ساڵی 1877ز
B- یاسای ویلایەتەکانی ساڵی 1864ز
C- بەیاننامەی خەتی هەمایۆن
D- بەیاننامەی خەتی شەریفی گوڵخانە

16. دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی دیموکراتی کوردستان،یەکێك بوو لە دەستکەوتەکانی:
A- کۆماری کوردستان
B- کۆمەڵەی تەعالی ژنانی کورد
C- لیژنەی ئازادی
D- شۆڕشی ئەیلول

17. ژمارەکانی ( 6 و 30 ) ڕۆژنامەی کوردستان لە ........................دەرچوون:
A- لەندەن
B- قاهیرە
C- جنێڤ
D- فۆلکستۆن

18. لە پارت و ڕێکخراو و کۆمەڵە کوردییەکانی باکوری کوردستانە:
A- نەتەوەی کورد
B- تەعالی و تەرەقی کورد
C- کۆمەڵەی کوردستان
D- ( A و B ) ڕاستن

19. حیزبی هیوا لە ساڵی ( 1937ز ) دامەزرا، ........................لە دامەزرێنەرە یەکەمینەکانی بوون:
A- مەلا عەبدوڵڵا داوود و کامەران عالی
B- شەریف پاشای خەندان و مەمدوح سەلیم
C- مستەفا عوزێری و یونس ڕەئووف
D- عەزیز زەندی و مستەفا پاشای یامولکی

20. داگیرکاری و فراوا نخوازی دەوڵەتی عوسمانی لە نیشتمانی عەرەب کە توانی دەست بگرێت بەسەر وڵاتی شام و میسرو حجازو یەمەن و عیراق و خۆرئاوای عەرەبی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سوڵتان:
A- سەلیمی سێیەم
B- سلێمانی قانونی
C- سەلیمی یەکەم
D- ( B و C ) ڕاستن

21. لە دوای شەڕی ( ساری قامیش ) ڕوسەکان پێشڕەوییان کرد بۆ داگیرکردنی ناوچەکانی:
A- قارس ، موکریان، پێنجوین
B- دیاربەکر، تەلەعفەر
C- موسڵ ، ماردین
D- ئورفە، ماردین، کرماشان

22. مێژووی کام لەم ڕووداوانە ڕاستن:
A- لە ساڵی ( 1779ز ) لەشکری کەریم خان پەلاماری شاری بەسرەی دا لە باشووری عێراق.
B- لە ( 19 ی تەمووزی1947ز ) چوار ئەفسەرە کوردەکە لەلایەن ڕژێمی پاشایەتییەوە لە سێدارەدران.
C- لە ( 23 ی ئابی 1921ز ) ئاهەنگی ڕەسمی بوونە پاشایی فەیسەڵ لە عێراق سازکرا.
D- لە ( 1968/7/17ز ) بەسەر عبدالرزاق نایف کودەتا کرا لە لایەن بەعسیەکانەوە.

23. لە ساڵی ( 1549 ز ) بۆ جاری دووەم میری میرنشینی ئەردەڵان ڕا پەڕینیان بەرپاکرد دژی دەسەڵاتی عوسمانییەکان،بەڵام بە هێزێکی زۆری ئاگرو ئاسن ڕا پەڕینەکە دامرکایەوە لەلایەن:
A- عوسمان پاشا
B- عەلی ڕەزا پاشا
C- مەدحەت پاشا
D- فەرهاد پاشا

24. دوای ڕەتکردنەوەی داواکارییەکانی و ناردنی هیز لە لایەن عوسمانییەکان بۆ دەستگیرکردنی ، شێخ عەبدولسەلامی بارزانی ناوچەی بارزانی بۆ ماوەی ساڵێك جێ هێشت و ڕۆیشتە.....................بۆ لای مار شەمعون:
A- گەنگەچین
B- گوندی ڕاژان
C- ئورمیە
D- تیاری

25. بە هۆی خەبات و تێکۆشانی لە پێناو گەلی کورد مەلا سەلیمی بەدلیسی لە لایەن سوڵتان ..................دوور خرایەوە بۆ مەدینە :

A- مەحمودی دووەم　B- مستەفای سێیەم　C- عەبدولحەمیدی دووەم　D- عەبدولموجیدی یەکەم

26. ( شێخ مەحموود ) بە فەرمانێکی حوکمداری کابینەی حکومەتەکەی لە ( سلێمانی ) ڕاگەیاند، خۆشی وەك مەلیکی کوردستان ناساند لە :

A- 10ی تشرینی یەکەمی 1922ز　B- 20ی ئەیلولی 1922ز

C- 22ی شوباتی 1923ز　D- 25ی تشرینی یەکەمی 1921ز

27. پارتی خۆیبوون لە ساڵی ( 1932ز ) بە سەرپەرشتی جەلادەت بەدرخان ڕۆژنامەی................ دەرکرد :

A- هەتاوی کورد　B- هاوار　C- ڕۆژی کورد　D- نیشتمان

28. یەکێك لە چالاکیەکانی کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان یەکخستنی هەوڵەکانی............ بوو لەگەڵ یۆنانییەکان دژی کەمالیەکان :

A- شێخ عەبدوالقادری نەهری　B- خەلیل بەدرخان　C- ئەحمەد سورەییا بەدرخان　D- ئەمین عالی بەدرخان

29. بایەخی جیۆپۆلەتیکی تایبەتی هەرێمی کوردستان بۆتە هۆی هەوڵدان بۆ لە ناوبردنی نەتەوەی کورد و هۆکارێك بوو بۆ ئە نجامدانی :

A- ڕاگوێزان　B- وێرانکردنی شارو شارۆچکەکان　C- شاڵاوەکانی ئەنفال　D- بە عەرەب کردن

30. لە ( 3-8 مایسی 1988ز ) حەوزی زێی بچووك کەوتە بەر قۆناغی.............ی شاڵاوەکانی ئەنفال :

A- دووەم　B- چوارەم　C- شەشەم　D- کۆتایی

31. پەیمانەکە بۆ ماوەی ( 25 ) ساڵ دەبێت و هەردوو بنکە ئاسمانی ( بەسرەو حەبانیە ) لە ژێر دەستی هێزی ئاسمانی بەریتانیا دەمێننەوە، دەقی ڕێکەوتنی نێوان بەریتانیا و عێراق بوو لە :

A- پەیمانی ساڵی 1930　B- پەیمانی ساڵی 1922　C- پەیمانی لەندەن　D- پەیمانی پۆرتسموث

32. شا عەباسی سەفەوی بە نیازی داگیرکردنی ( میرنشینی ئەردەڵان ) بە لەشکرێکی زۆرەوە هاتە سەر هەڵۆخان لە نزیك :

A- هەمەدان　B- ئورمیە　C- سابڵاغ　D- شنۆ

33. لە ساڵی ( 1538ز ) عوسمانییەکان عەدەنیان داگیرکردو دەرگای گەرووی ( باب المندب ) یان داخست بە ڕووی :

A- ئێرانییەکان　B- پورتوگالییەکان　C- مەمالیکەکان　D- ئیسپانییەکان

34. یەکێك لە ئامانجەکانی ڕاپەرینی ساڵی ( 1948ز ) ڕووخاندنی وەزارەتەکەی..................... بوو :

A- نوری سەعید　B- محەمەد سەدر　C- صالح جەبر　D- فاضل الجمالي

35. لە بەرامبەر سیاسەتی دیکتاتۆرییانەی ڕەزا شا دامەزراو، لەساڵی ( 1941ز ) بەیەکجاری لەسەر شانۆی سیاسی ڕووداوەکاندا بوونی نەما :

A- کۆمەڵەی ئیستخلاصی کوردستان　B- ڕێکخراوی نەتەوەی کورد

C- پارتی ڕزگاری کورد　D- حیزبی ئازاد یخوازی کوردستان

36. هۆی سەرەکی سوڵتان ................ بۆ چەسپاندنی مەرکەزیەتی عوسمانی لە ناوبردنی دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکان بوو :

A- عەبدولحەمیدی دووەم　B- مەحمودی دووەم　C- عەبدولمەجیدی یەکەم　D- مستەفای سێیەم

37. هێزەکانی بەریتانیا لە ( 18تشرینی دووەمی1918ز ) چوونە شاری موسڵ، پاشان تەواوی ویلایەتی موسڵ کەوتە ژێر دەستی بەریتانیا بە سەرکردایەتی :

A- ولیام مارشاڵ　B- سۆلۆمۆن　C- ستانلی مود　D- دەبلیو.ئار.های

38. هەندێك لە میرەکانی میرنشینی بابان ئەوەندە بەتوانا بوونە کە توانیویانە سنووری میرنشینەکە فراوان بکەن تا لەلای ڕۆژئاواوە بگەیەننە :

A- تا ئەودیو ڕووباری سیروان　B- هەموو ناوچەکانی بەدرە و جەسان

C- ئەو دیوی شاری کفری و سەنگاو شوان و کەرکوك　D- ناوچەی هەولێرو زێی بچووك

39. ئیسپانییەکان لە پەلاماردانی ڕۆژئاوای عەرەبی بەشدار بوون شارەکانی.......... خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە :

A- سەبتە و تە نجە　B- تەتوان و مەلیلە　C- ئەسیلا و تەتوان　D- ئەزمور و تە نجە

40. پاش شکستی ڕاپەڕینەکەی (شێخ عوبەیدوللا) لەلایەن (سوڵتان عەبدولحەمید) بڕیاری دامەزراندنی (سوارەی حەمیدییە) درا لە ساڵی:

A- 1891ز B- 1876ز C- 1894ز D- 1883ز

41. بەرپابوونی شۆڕش بەر لە وادەی دیاریکراوی خۆی، هۆکارێك بوو بۆ سەرنەکەوتنی شۆڕشەکەی:

A- سمکۆی شکاك B- ئیحسان نوری پاشا C- دەرسیم D- شێخ سەعیدی پیران

42. مەرجی مەلا مستەفای بارزانی بوو بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەتەکەی نوری سەعید:

A- ناسینی زمانی کوردی بە زمانی ڕەسمی B- دامەزراندنی وەزیرێکی کورد کە ببێتە بەرپرسی ویلایەتەکانی کوردستان

C- گەڕانەوەی شێخ ئەحمەد سەرجەم دوورخراوەکانی تر D- کشانەوەی هێزەکان لە کوردستان

43. هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی هاریکاری دەکەن دژی هەر جوڵانەوەیەکی ڕزگاریخوازی کورد لە کوردستان ئەگەر ڕوویدا لە پێناو سەربەخۆیی دا، بە پێی:

A- ڕێکەوتنامەی ئەماسیە B- ڕێکەوتنامەی زەهاو C- پەیمانی ئەرزرۆمی یەکەم D- پەیمانی ئەرزرۆمی دووەم

44. (شەڕی نەسیبین) لە............ی کوردستان لە ساڵی............ ڕوویدا لە ئەنجامدا هێزەکانی میسر بە سەرکردایەتی (ئیبراهیم پاشا) سەرکەوتن بەسەر هێزەکانی عوسمانی:

A- باکوور- 1820ز B- باشوور- 1831ز C- ڕۆژئاوا- 1839ز D- ڕۆژهەڵات- 1840ز

45. لە سەردەمی سوڵتان (سەلیمی سێیەم) کۆمەڵە پەیڕەو و ئامۆژگاری نوێ دەرچوون، چەندین هەنگاوی بۆ چاکسازی تێدابوو، وەك:

A- دەرکردنی ڕۆژنامەی (تقویم الوقائع) B- کردنەوەی خوێندنگەی سەربازی و دەریایی لە سەر شێوازی ئەوروپی

C- کردنەوەی باڵوێزخانەی عوسمانی لە پایتەختی وڵاتە ئەوروپییەکان D- (B و C) ڕاستن

46. زیانی ماددی ئینگلیزەکان لە ئەنجامی شۆڕشی ساڵی (1920ز) گەیشتە زیاتر لە.................. پاوەندی ئیسترلینی:

A- 20 ملیۆن B- 30ملیۆن C- 40 ملیۆن D- 50 ملیۆن

47. ناوی دەوڵەتی سەفەوی بۆ ناوی (شێخ صفی الدین) دەگەڕێتەوە، کەخاوەن تەریقەتی (سۆفیگەری) بووە و خەڵکێکی زۆر لایەنگریان کردووە لە:

A- ئازەربایجان B- شیراز C- تەورێز D- ئەسفەهان

48. شاری ئورمیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تەواوی ئازاد نەکرا لە کاتی:

A- شۆڕشی شێخ عوبەیدوللای نەهری B- شۆڕشی سمکۆی شکاك

C- حوکمڕانی خان ئەحمەد خان (میری ئەردەڵان) D- (A و B) ڕاستن

49. یەکێك بوو لەو چوار وەزیرە کوردەی حکومەتەکەی عبدالرزاق نایف:

A- بابە عەلی حەفید زادە B- خالید نەقشبەندی C- مستەفا عبداللە D- عبداللە نەقشبەندی

50. لە سەرەتای سەدەی شانزەهەمدا کوردستان کەوتبووە ناو هاوکێشەی ململانێی............... هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی:

A- ئابووری و سەربازی B- سیاسی و ئابووری C- سیاسی و سەربازی D- سیاسی و کۆمەڵایەتی